وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

ژمارە: ٢٦٢٠٥ لە ٢٠٢٤/١٢/١٨

پاڵپشت بە حوکمەکانی (ماددەی پەنجایەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو و کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٤ی (ئەنجومەنی وەزارەت) و پاشکۆی ژمارە (١)ی کۆنووسی کۆبوونەوەکە، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم رێنماییەی خوارەوە:

رێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤

رێنمایی هەمواری هەشتەمی رێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ی خوێندنی باڵا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان
رێنمایی هەمواری شەشەمی رێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩ی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان
رێنمایی هەمواری پێنجەمی رێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان
رێنمایی هەمواری حەوتەمی رێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٦ی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان
رێنمایی هەمواری نۆیەمی رێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٦ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان

ماددەی (١):

هەموارکردنەوەی (ماددەی دووەم/بڕگەی دووەم/خاڵی ١ و ٢ و ٣) لە رێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا و هەموارکردنەوەی (تەوەری یەکەم/خاڵی ٢) لە رێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی ماستەر، و هەموارکردنەوەی (تەوەری یەکەم/خاڵی٣/أ) لە رێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی دکتۆرا، و هەموارکردنەوەی (تەوەری یەکەم/خاڵی ٢) لە رێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی ماستەر، و هەموارکردنەوەی (تەوەری یەکەم/خاڵی ٣) لە رێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. سەرجەم قوتابیان/خوێندکارانی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، رێگەیان پێ دەدرێت بەبێ مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی تاوتوێی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا ئەنجام بدەن، بەڵام لە لایەن زانکۆکان بڕوانامەیان پێ نابەخشرێت تاوەکو ناوبراوان مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی بەپێی رێنماییەکانی پەیوەندیدار دەستەبەر دەکەن و پێویستە لەماوەی یەک ساڵ لە رێکەوتی ئەنجامدانی گفتوگۆی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی بەدەستبهێنن، بە پێچەوانەوە فەرمانی زانکۆیی سڕینەوەی ناویان لە خوێندن لە لایەن زانکۆکان بۆ دەردەکرێت، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە قوتابی/خوێندکار بەڵێننامە لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی زانکۆکان پڕ بکەنەوە کە بە ناوەڕۆکی ئەم رێنماییە پابەند دەبن.

٢. هەروەها قوتابیان/خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت (تەنها نابینایان) لە خوێندنی دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان، لە چوارچێوەی پلانی هاندانی نابینایان و لە کاتی پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی هەمیشەیی، لە مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی دەبەخشرێن.

ماددەی (٢):

کار بە هیچ ڕێنماییەک یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە ناکۆک بێت.

ماددەی (٣):

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)، دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

هۆیەکانی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە

لە پێناو بەرژەوەندی گشتی قوتابیان و خوێندکارانی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان و بە مەبەستی ئاسانکاری لە پڕۆسەی ئەنجامدانی گفتوگۆی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا، هەروەها هاندانی قوتابیان و خوێندکارانی نابینا لە پڕۆسەی خوێندنی باڵا، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان، ئەم ڕێنماییەی دەرچواند.

حمەی حمە سەعید
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەوەکالەت